# نۆژەنکردنەوەی ئۆتۆریتەخوازی لە (جیهانی عەرەب) دا

**راپۆرتی واشنتۆن: عەنتەر فەرەحات**
**وەرگێرانی بە دەسکارییەوە: محەمەدی مشیر**

**ئەگەرچی تەوژمی وەرچەرخانی دیموکراسی لە ماوەی سێ ساڵی رابردوودا نوشستی هێنا، بەڵام تائێستاکەش فایلی ستەمکاری و ئۆتۆریتەخوازی لە جیهانی عەرەبدا جێی بایەخ و سەرنجی سەنتەرەکانی توێژینەوەی ئەمریکایین. لەم چوارچێوەیەدا (ستیڤن هایدمان)، جێگری سەرۆکی ئەنستیتیوی ئاشتی ئەمریکا(USIP) لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامداوە و سەنتەری (سابان) بۆ سیاسەتەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست Saban Center for Middle East Policy ، کە سەر بە دەزگای( بڕوکینگز)ە، لە ژێر ناونیشانی Upgrading Authoritarianism in the Arab World بڵاویکردۆتەوە.**

**(سیستەمە عەرەبییەکان و سازان لە گەڵ ستەمکاریدا)**

لێکۆڵینەوەکەی (ستیڤن هایدمان) ئاماژە بەوە دەکات کە چەندین سیستەمی ئۆتۆریتەخواز لە جیهانی عەرەبدا سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە لەوەی کە داواکارییە نێودەوڵەتی و ئەمریکایی و خۆجێییەکان بۆ دیموکراتیزەکردنی وڵاتەکانیان ناکارا بهێڵنەوە، هەروەها توانیویانە لە رێگەی دووبارە رێکخستنەوەی ستراتیژەکانی حوکمڕانی لەگەڵ ئەو داواکارییانە بگونجێن بە شێوەیەك هاوڕەوتی بارودۆخی نوێی هەرێمایەتی و جیهانی بن. لێکۆڵینەوەکە جەختیکردۆتەوە کە رژێمە ئۆتۆکراسیەکان چیتر پێڕەوی سیاسەتی توندوتیژی و سەرکوتکردن ناکەن هەروەکو لە پێشدا بە شێوەیەکی فراوان وایان دەکرد، ئەگەرچی بەتەواوەتیش دەسبەرداری ئەو شێوازانە نەبوون، بەڵام بوونەتە رژێمگەلێك کە دەشێ پێیان بگوترێ( **ئۆتۆریتەیان نوێکردۆتەوە**). لێکۆڵینەوەکە ئەوەشی روونکردۆتەوە کە ئەو ستراتیژە ئۆتۆریتەخوازانە دەسکەوتەکانی سیاسەتەکانی پشتیوانیکردنی دیموکراسیان شکست پێهێناوە کە بە درێژایی دوو دەیەی رابردوو کاریان بۆ کراوە، هەروەها لە ماوەی بیست ساڵی رابردووشدا رژێمە عەرەبییەکان زۆر شارەزایانە توانیویانە داواکارییەکانی پشتیوانیکردنی دیموکراسیەت کپ بکەنەوە.... لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەوەداوە کە رژێمگەلێکی ئۆتۆریتەخوازی تازەبابەت لە ژمارەیەك لە وڵاتە عەرەبییەکان سەریان هەڵداوە کە لە سەربنەمای رێسای" هەوڵدان و هەڵە– المحاولة و الخطأ" دروستبوون نەوەکو بەپێی رێکخستنێکی ناوەخۆ، لە کاتێکدا هەندێ رژێمی دیکەی عەرەبی لە رێگەی پێشخستنی ستراتیژەکانی (رێکخستنی داواکارییەکان) لەگەڵ سیاسەتی (گۆڕانی سیاسی) خۆیان گونجاندووە...... لە لایەکی دیکەدا لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەوەکردووە کە جیهانی عەرەب بارێکی هەڵاوێژی هەیە لە بەرەنگاربوونەوەی وەرچەرخانی دیموکراسی بە تایبەتیش تەوژمی سێیەمی دیموکراسی، ئەمەش یارمەتیانی داوە تا بتوانن رووبەڕووی هەر سێ هەڕەشەی سەرەکی (دیموکراسی، ئازادی بازاڕ و جیهانیبوون) ببنەوە، کە ئەمەش بەش بەحاڵی خۆی بووەتە هۆی دروستبوونی هاوپەیمانیەتیەکی ئۆتۆریتەخواز لە دژی ئەو داواکارییانەو ئۆپۆزیسیۆندا.

**( پێنج هەنگاو بۆنۆژەنکردنەوەی ئۆتۆریتەخوازی )**

لێکۆڵینەوەکە ئاماژە بەوە دەکات کە پێنج هەنگاوی بنەڕەتی لە نۆژەنکردنەوەی شێوازەکانی ستەمکاری و ئۆتۆریتەخوازیاندا یارمەتی ئەدای رژێمە عەرەبییەکانی داوە، ئەم لێکۆڵینەوەیە ناوی کۆمەڵێك وڵاتی عەرەبی هێناوە کە بەم هەنگاوانە هەڵدەستن وەکو: میسر و جەزائر و ئوردن و مەغرب و سوریا و تونس و یەمەن. پێنج هەنگاوەکەش ئەمانەی خوارەوەن:

**کۆنترۆڵکردن و بنباڵخستنی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

وڵاتانی عەرەب لە رێگەی چوارچێوەی یاسادانان و قەدەغەکردنی چالاکی رێکخراوە مەدەنییەکان هەوڵدەدەن کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی مەدەنی بکەن و بنباڵیبخەن. سەرەڕای بەرفراوان بوونی رۆڵ و ژمارەی رێکخراوە ناحکومییەکان لە ماوەی هەشتاکاندا، هێشتا ئەم کەرتە لە (میسر و جەزائر و کوێت و مەغریب) دا وەکو پێویست گەشەیان نەکردووە.لە ماوەی نەوەدەکانیشدا هەندێك لە رێکخراوە ناحکومییەکان رۆڵێکی ئەکتیڤیان هەبوو لە ژیانی سیاسی عەرەبدا و هەوڵیاندا ئەجندای خۆیان پێشخەن لە بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ و ئافرەت و ریفۆڕمی سیاسی و شەفافییەت و ژینگە دا، ئەمەش یەکێك بوو لەو رێگایانەی رژێمە عەرەبییەکان قۆستیانەوە بۆ جوانکردنی سیمای خۆیان لە بەرامبەر ئەو وڵاتانەی یارمەتیان پێدەبەخشین.لە کاتێکدا رژێمە عەرەبییەکان کۆمەڵگەی مەدەنیان دەچەوساندەوە وبەرنامەکانیشیان دەسکاری دەکرد

بۆئەوەی هەرچی زیاتر هەژموونی خۆیان بسەپێنن. ئەمەش وایکرد کە دەوڵەت لەوەتەی نەوەدەکانەوە تاکو ئێستا رووبەڕووی رێکخراوەکانی کۆمەڵەی مەدەنی ببێتەوە، دەرەنجام رژێمەکان، لەرێگەی تەشقەڵەپێکردن و رێکخستنی چوارچێوەی یاسایی کاری ئەو رێکخراوانە، توانیان رێکخراوەکانی تایبەت بەمافەکانی مرۆڤ سەرکوت بکەن، ئەمەش وایکرد رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی نەتوانن مەیدان لە دەوڵەت بگرن ئەگەرچی ئەو رژێمانە بەرەورووی رەخنەی توند بوونەوە و لەناوە و دەرەوەشدا ناو و شۆرەتیان لەکەداربوو.

## رێکخستنی کێبڕکێی سیاسی:

لێکۆڵینەوەکە لەمبارەیەوە باسی لەوەکردووە کە لەو ماوەیەی دواییدا جیهانی عەرەب کێبڕکێی سیاسی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی بەهۆی ریفۆڕم و گۆڕینی سیستەمەکانی هەڵبژاردن و پرۆسەکانی گۆڕانی لیبڕاڵییانەوە، بە جۆرێك کە هەر یەك لە میسر و جەزائر و یەمەن و ئوردن و مەغریب سیستەمی هەڵبژاردنی ولاَتەکانیان هەموارکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەشداری دەنگدەران زێتر ببێ و کۆتە سیاسییەکانی سەر بەشداری سیاسی کەمتربببێتەوە، دەرەنجام لە میسردا دەرفەت بۆ (ئیخوانی موسلمین) رەخسا کە دەسکەوتی بەرچاو وەدەست بهێنن لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی پەرلەماندا، بەهەمان شێوەش پارتی داد و گەشەپێدان لە مەغریب دا. ئەم پێشکەوتنانە جێگەی رەزامەندی خۆرئاوا بوون ئەگەرچی چاودێرانی عەرەب تەئکیدیان کردەوە کە ئەم گۆڕانکارییانە ئامانجیان نەپێکا، بەلاَم سانسۆری دەوڵەت لەسەر هەڵبژاردنەکاندا رەنگدانەوەی لۆژیکی نوژەنکردنەوەی رژێمە ئۆتۆریتەخوازەکان و هەژموونی ئەوان دەگەیەنێ بەسەر ئەو گۆڕانکارییانەدا...، لەمەشدا رژێمە ئۆتۆریتەخوازەکان سوودیان لە تەکنۆلۆژیای تازە وەرگرت بۆ هەڵسوڕاندنی پرۆسەکانی هەڵبژاردن، هەروەکو پێکهێنانی ژوورەکانی عەمەلیات لە میسر و یەمەن دا بۆ دەستنیشانکردنی ژمارەی دەنگدەران و رێژەی بەشداری لە هەڵبژاردندا. دەرەنجام ئەو ولاَتانە بەرەو ئەو ئاقارە هەنگاویان نا کە بتوانن لە گەڵ گوشارە نێودەوڵەتی و ناوخۆییەکان بسازێن و پرۆسەی کێبڕکێی سیاسی ئاراستە و بەڕێوەبەرن، کەئەمەشیان بووە مایەی لاوازبوونی بەشداری سیاسی و داواکارییەکانی تایبەت بە چاکسازی لە ئەنجامی ئەو کۆتانەی بەسەر ئۆپۆزیسیۆندا سەپێنران و بەش بەحاڵی خۆیان بوونە رێگر لە بەردەم گۆڕان و جوڵەی سیاسی و نەمان و بنکۆڵبوونی بڕوای میللی بە رژێمە فەرمانڕەواکان.

## 3– کۆنتڕۆڵکردنی دەسکەوتەکانی ریفۆڕمی ئابووری:

لێکۆڵینەوەکە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بە پێچەوانەی کرانەوەی سیاسی سنووردار، کرانەوە و گەشەکردنی ئابووری هەنگاوێکی گرنگ بوون بەرەو پێشەوە و حکومەتە عەرەبییەکان رێگەی گەشەکردن و وەبەرهێنانی دەرەکی و ناوخۆیان خۆشکرد لە رێگەی هەندێ ئاسانکاری یاسایی و سیستەمی باجەکانەوە و مشووری ئەوەیان خوارد کە وتووێژی چوونە ناو رێکخراوی بازرگانی نێودەوڵەتی بکەن تاوەکو ئابووری ولاَتەکانیان بە ئابووری جیهانەوە پەیوەست بکەن، بەلاَم ئەو پێشکەوتنە ئابوورییەی روویدا سیمایەکی بژاردەیی(ئینتقائی) هەبوو لە رووی ئەو پرۆژانەی بەتایبەتکران یان لەو بوارانەدا کە تێیدا رێگەدرا کەرتی تایبەت رۆڵی هەبێت، بە تایبەتیش لە پرۆژە خزمەتگوزارییەکان، بەلاَم لە بنەڕەتدا پرۆژە نەتەوەییە گەورەکان لە ژێرکۆنتڕۆڵی رژێمەکاندا مانەوە... لەو ولاَتانەدا مارەبڕییەك لە نێوان دەسەلاَت و سەرمایەدا روویدا بەجۆرێك هەردوو لا بوونە هۆی دەوڵەمەندکردنی یەکتر، ئەم گۆڕانکارییەش وەك دەرەنجامێکی گەندەکارییەکانی ریفۆڕمی بژاردەییانەی ئابووری بووە سەرچاوەیەکی دیکەی سەرهەڵدانی کێشەی تازەی وەکو نەمانی بەرپرسیارەتی و بلاَوبوونەوەی گەندەڵی و بێکاری و شەپۆلەکانی ناڕەزایەتی لە سەر ئاستی جیهاندا، ، بەمەش کەلێنی داهات و نایەکسانی نێوان چینەکان فراوانتربوو، کەچی حکومەتەکان دەسکەوتی مەزنیان لە رێگەی بەتایبەتکردنەوە(خصخصە) بەدەستهێناو رەنجی ئەو سیاسەتە ئابووریانەیان قۆستەوە بۆ ئەوەی چەپۆکی خۆیان زاڵتر بکەن بە سەر دەسەلاَتدا ئەمەشیان لە رێگەی پاداشتکردنی نزیکەکانی خۆیان و سزادانی بەرهەڵستکاران و چەوساندنەوەی چینی کرێکار و تەیارکردنیان بۆ بەشداری کردن لە هەڵبژاردنەکاندا لە پێناوی خۆیان، لەمەشدا دروشمی ئەو رژێمانە بەم شێوەیە بوو" **سەرەتا کرانەوەی ئابووری و دواتریش کرانەوەی سیاسی**"، بەلاَم لە کۆتایی سەدەی رابردوودا بۆ پێشگرتن لە تەوژمی ئیسلامی لە میسر و جەزائر و تونس و مەغریب و ئوردن دا، ئەم سیاسەتەش دادی نەدان.

## 4– کۆنتڕۆڵکردنی هۆیە تازەکانی پەیوەندیکردن:

لەم لایەنەوە لێکۆڵینەوەکە روونیکردۆتەوە کە ژمارەی ئەو کەسانەی سوود لە ئامراز و تەکنۆلۆژیای تازەی گەیاندن وەردەگرن لە جیهانی عەرەبدا بەردەوام لە زیادبووندایە، ئەمەش لە چاو رابردوودا زەمینەی بۆ رەخساندوون کە بەهێزەوە پەیوەندی بەجیهانی دەرەوە بکەنەن، هەروەها ژمارەی سایتە عەرەبییەکان لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت و دەرفەتی چالاکڤانان و ئۆپۆزیسیۆنیش زیادی کردووە، ئەمەش هاوکاتی ئەو شۆڕشە نوێیەیە کە لە بواری گەیاندن و کەناڵە ئاسمانییەکان هاتۆتەدی. ئیدی چیتر ئامرازەکانی راگەیاندن ناپڕژێنە سەر راگەیاندنی حکومی و

هێماکانی، بەڵکو لەمەش ڕەتیانداوە بە جۆرێك ئاگاداری ڕووداوە هەمەجۆرەکانی ناوچەکەن لەگەڵ ئەو ڕووداوانەش کە ڕژێمە ئۆتۆریتەخوازەکان هەراسان دەکەن. ئیترهاوولاّتی عەرەب لەرێگەی ئەنتەرنێتەوە دەتوانیّ بزانیّ چی لە جیهاندا دەگوزەریّ. ڕژێمە ئۆتۆریتەخوازە عەرەبییەکان ئەگەرچی ئەئکید لە سەر کرانەوە و پاڵپشتیکردنی تەکنۆلۆژیای نویّ دەکەنەوە، بەلاّم بۆ جوانتر کردنی دیمەنی خۆیان لەدەرەوەدا بەکاری دەهێنن.لێکۆڵینەوەکە باسی لەوەکردووە کە ئەو پێشکەوتنانە کۆمەڵێك هەڕەشەیان لە بەردەم ڕژێمە ئۆتۆریتەییەکان و پرۆسەی نۆژەنبوونەوەیان قووت کردۆتەوە، بە شێوەیەك ئەو هەڕەشانە ڕەنگە، لە ڕێگەی لێشاوی زانیارییەکان لە سەر تۆڕی ئەنتەرنێت و ڕێگە خۆشکردن بۆ بەرهەڵستکاران کە درێژە بەکارەکانیان بدەن، ببنە هۆکاری لاوازکردنی هەژموونی ڕژێمەکان بە سەر دەسەلاّتدا، بۆیە لە ڕێگەی داڕشتنی چوارچێوەی یاساییەوە هەوڵیانداوە ڕێگە لە لێشاوی زانیارییەکان بگرن و کافی نێتی تازە بکەنەوە بە جۆرێك کۆنترۆڵی سەرچاوەی زانیارییەکانی ئینتەرنێت بکەن و ڕێگە نەدەن کەناڵی ئاسمانی نویّ بکرێتەوە، ئەگەر پێویستیشی کرد لە ڕێگەی دادگاوە ڕووبەڕووی چالاکڤانانی ئەو بوارە دەبنەوە و پشکنینی خولەکی سەنتەرەکانی ئەنتەرنێت دەکەن، ناچاریش بن سەنتەرەکان دادەخەن هەروەکو هێزەکانی ئاسایش لە میسر و ئوردن و جەزائر و سوریا چەندین جار وایان کردووە.

## 5- هەمەجۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان:

لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەوە داوە کە بە مەبەستی خۆپاراستن لەو فشارە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییانەی داوای ڕیفۆرم دەکەن، ڕژێمە ئۆتۆریتەییە عەرەبییەکان پەیوەندییە بازرگانی و ئابووری و دیپلۆماتییەکانی خۆیان هەمەجۆرکردووە، بە شێوەیەك لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییە هەمەجۆرەکاندا پەیوەندیان دروستکردووە لە پێناوی شکست پێهێنانی ئەو هاوپەیمانیە خۆرئاواییانەی لە دژیاندا هەیە و لە چوارچێوەی ئەو هەولاّنەشیان بە مەبەستی جوانترکردنی وێنەی خۆیان لە دەرەوەدا و وەك داکۆکیکارێك لە ڕیفۆرم دێنە سەرشانۆ . لێکۆڵینەوەکە تەئکیدی کردۆتەوە کە ئەو ستراتیژانە لە بنەڕەتدا لە لایەن میرنشینەکانی کەنداو باوە کە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ولاّتانی خۆرهەلاّتی وەکو چین و ڕوسیا پتەوکردووە و تەنانەت چین پشکداری یەکەمی بازرگانی زۆربەی ئەو میرنشینانە و باکووری ئەفریقیاشە ، هەروەها هەریەك لە میسر و ئوردن و سوریا پەیوەندییەکانیان لە گەڵ میرنشینەکانی کەنداو پتەوترکردووە بۆئەوەی پشتیوانی سیاسی و دارایی ئەوان دەستەبەربکەن و وەبەرهێنەرە عەرەبییەکان بۆلای خۆیان ڕاکێشن. لێکۆڵینەوەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە ئەو ستراتیژانە ئەوە ڕووندەکەنەوە کە ڕژێمە ئۆتۆریتەخوازەکانی عەرەب هەوڵدەدەن پەیوەندی سەربەخۆ دروستبکەن تاکو بتوانن بەرەنگاری گوشارەکانی ڕیفۆڕم ببنەوە و سوود لە نموونەی چین وەربگرن کە متمانە دەکاتە سەر لایەنی ئابووری ڕیفۆڕم نەوەکو لایەنە سیاسییەکەی. بۆیە دەکریّ بگوتریّ چەند پلەیەکی جیاوازی ئۆتۆریتەخوازی لە جیهانی عەرەبدا بەرچاو دەکەون کە دەشیّ ناویان لێبنێن" **بەسروشتیکردنی نموونەی ئۆتۆریتەخوازی**" و، لەمەشدا ڕژێمە ئۆتۆریتەکان توانیان سەرکەوتووانە سوود لەو ستراتیژانە وەربگرن بۆئەوەی پشتیوانی هەڵوێستی خۆیانی پێبکەن و ڕووی خۆیانی پیّ جوانتر بکەن و چەپۆکیان بەسەر دەسەلاّتدا موحکەمتر بکەن. بەلاّم ئەم ستراتیژانە لەگەڵ خۆیاندا کۆمەڵێك کێشەی وەك گەندەڵی و بیرۆکراسیەت – یان بەرهەمهێنا و ڕژێمە ئۆتۆریتەکانیش جەماوەریان کەمبۆوە و جەمسەربەندی کۆمەلاّیەتی و جیاوازی ئابووری و نایەکسانیان هێنایە ئارا.

لێکۆڵینەوەکە لە کۆتاییدا گەیشتۆتە ئەو بەرەنجامە کە بلێ: بەهۆی باری ئاڵۆزی ناوچەکە و نوقمبوونی ئەمریکا لە زۆنگاوی عێراق و هەرەسهێنانی عێراق لەوەی کە ببێتە مەشخەڵێکی دیموکراسی لە خۆرهەلاّتی ناوەڕاست و پەرەسەندنی مەترسییەکانی دۆسیێی ئەتۆمی ئێران و بەستەڵەکبوونی پرۆسەی ئاشتی، ئەو ڕژێمە ئۆتۆریتەخوازانە توانیان سەرکەوتووانە گوشار و داواکارییەکانی خۆرئاوا لەمەڕ ڕیفۆڕم کەنارگیربکەن ، بە واتایەکی دیکە سەرنەکەوتنی ئەمریکا یارمەتی ئەو ڕژێمانەی دا تاکو خۆ بگونجێنن لە گەڵ گۆڕانکارییە تازەکان و لەسەر حوکم بمێننەوە و لە تەکنۆلۆژیای تازەش تێبگەن و هەموو ئەو پێشکەوتنانەش بۆ مانەوەی زیاتری خۆیان بقۆزنەوە.